# یەکەمین فرۆکەخانە بۆ سەر مانگ لەئیمارات دەکرێتەوە



ئەردەڵان عەبدوڵڵا

وولاتی ئیمارات ئەو کۆمەڵە خێڵە کۆچەریەن ، کەهەمووی 30ساڵ نابێت لەدەستی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی ڕزگاریان بووە . ئەم وولاتە هەر لەیەکەم رۆژەوە هەولی ئاوەدان کردنەوەو پێشکەوتنی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا داوە. سەرکردەکانی بریتین لەکۆمەڵێک سەرۆک خێڵی نەخوێندەوار . لێ ئەم سەرۆک خێلانە ئیسپاتیان کرد بۆ جیهان بەگشتی و عەرەبیش بەتایبەتی ، کە دەتوانن زۆر باشتر لە سەرکردە فشەکەرەکانی ناوچەکە ، حوکمی گەلی خۆیان بکەن . هەر رۆژەو هەواڵێکی سەیرو سەمەرە لەم وولاتەوە دەبیستین . گەر فێربووبین لەعێراق و کوردستانەوە ، تەنها هەواڵی **کەلەتەزێنی!** وەکوو تیرۆرو گرتن وکوشتن و برین خەڵکی ببیستین، ئەوا لەئیماراتەوە تەنها هەواڵی سەرکەوتن و پێشکەوتن دەبیستین . هەر لەدروستکردنی دورگەی دروستکراوی ناو دەریا( پرۆژەی دار خورما) ، هۆتێلی عەجایب عەجایبی گەورە( بورج عەرەب ) ، پرۆژەی بیناسازی کەشخە ، فرۆکەی نایابی مۆدێرن . لێ دوێنێ وەکوو هەمووجاران ، ئیمارات جیهانی بەهەواڵێکی تر سەرسام کرد . ئەویش کردنەوەی فرۆکەخانەیەکی تایبەت ، بۆ سەفەرکردن بۆ سەر مانگ . ئەم فرۆکەخانەیە کەلە ئیمارەی ( رەئس خەیمە) دەکرێتەوە ، کەئەمە یەکەمین جارە لەم ئیمارەتەوە شتی وا سەیر دروستبکرێت . جاران تەنها لە دوبەی و ئەبوزەبی شتی سەیریان دروست دەکرد ، لێ ئەم جارەیان ئەم ئیمارەتەش ناوی کەوتە ناوناوانەوە . دیارە ئەم فرۆکەخانەیە لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەمەریکی دروستی دەکرێت و پاش دووساڵی تر تەواو دەبێت، یەکەمین جاریش 5 گەشتیاری ئەمەریکی سواری فرۆکە دەبن بۆ سەر مانگ . ئەمە یەکەمین جارە لەرۆژهەلاتی دواکەوتوودا ،فرۆکەخانەیەکی وا مۆدێرن بکرێتەوە.
ماوەی دووساڵە سەرکردە فشەکەرەکانمان ، شەورۆژ مێشکی سەریان بردووین کەگوایە کوردستانیان ئاوەدان کردۆتەوە ، ئەوە نییە شرە فرۆکەخانەیەکیان بۆ دروستکردووین ، کەماوەی هەفتەیەکە فرۆکەیەک بۆتە دەرزی سنجاق و کەس نازانێت کەوتۆتە چ کوونێکەوە .
باشترە مەسئوولە کانمان لە ئیماراتەوە تەنها ( **مۆنیکاو لەیلا عەلەوی!**) ئیستیراد نەکەن ، بەڵکە بابچن بیری ئاوەدان کردنەوە و پێشکەوتنی وولات ئیستیراد بکەن .

ئەڵمانیا